# 7ی سێپتەمبەرلە کەلار: پێویستە لە دەستوردا تەقەکردن لە جەماوەر قەدەغە بکرێت... ڕێبین تەها - وتەبێژی ڕەسمی کۆمەڵەی بە مەدەنیکردنی کەلار و ڕزگاری سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەکەی کەلار و دەوروبەری

دەبێت تێکڕای بەرپرسانی گەرمیان لە پێشیانەوە قایمقامی کەلار دادگایی بکرێن.
چواردەساڵە ئێمە لە مەملەکەتی قوڕبەسەری ونەهامەتیدا پەڕاوێزخراوین لە لایەن حکومەتی کوردیەوە، چواردە بە پاساوی بێ مانا ئێمەی گەرمیانیان بەستۆتەوە و نەیانهێشتووە دەنگی نارەزایی لە ئاست ئەو هەموو بێ حورمەتیەدا بەرزبکەینەوە کە بەرامبەرمان دەکرێت، چواردە ساڵە ئێمەی گەرمیانی تەنیا بەشمان شەڕی ناوخۆ و پاراستنی گیان و سەروەت و سامانی بەرپرسەکان بووە، ئەو سامانەی کە موڵکی خەڵکی کوردستانە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا خرایە باخەڵی بەرپرسە شەریفەکانەوە! چواردە ساڵە یەکێتی و پارتی وەك دوو گروپی مافیا حوکمی کوردستان دەکەن و لەسەر دزینی پارەی خەڵکی ڕەشوڕوت لە نێوان خۆیاندا بو بە شەڕیان و بە هەزاران ڕۆڵەی کوردستانیان کردە قوربانی، چواردە ساڵە لە ژێر ناوی ترسی گەڕانەوەی بەعس و مەترسی وڵاتانی دراوسێ و مەسەلە چارەنووسازەکان و دەیان درۆی تر خەڵکی کوردستانیان بێدەنگ کردووە، هەر بۆیە لە مەملەکەتی ئەنفال و کزەی جەرگی ژنانیلە ئەنفال بە جێماوو ئێسك و پروسکەکانی نوگرەسەلمان دەنگێك بەرزدەبێتەوە دەڵێت بەسە مژینی خوێنمان! بەسە تاکەی؟! سەرەتاییترن مافمان لێ زەوت بکرێت!ئیتر ئێمەی گەرمیانی بێدەنگ نابین بەرامبەر بە ئێوەیەك کە ئامادەنین سەرەتاییترین مافەکانمان بۆ دابین بکەن، بەڵی دوای چواردە ساڵ بێدەنگی، گەرمیانیەکان پەیکەری بێدەنگیان شکاند، ڕۆژی 7ی سێپتەمبەر خەڵکی کەلار و دەوروبەری خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم قایمقامیەتی قەزای کەلار ڕێکخست بە مەبەستی داواکردنی کارەبا و ئاوو سوتەمەنی، ئەم خۆپیشاندانە بە ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی بە مەدەنیکردن بە هاوکاری کۆمەڵەی گۆڕان بوو، بەڵام هەر لە سەرەتاوە هێەکانی ئاساشیی ناوخۆ بە لێدان پیشوازیان لە نوێنەرانی جەماوەر کردوو بارودۆخەکەیان بە تەواوی ئاڵۆز کرد، داوتر و داوی زیاتر لە دوو کاتژمێر وەستان لە بەردەم دەرگای جەنابی قایمقامدا قیمقامی ئامادەنەبوو قسە بۆ جەماوەر بکات و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆش بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران دەستیان بە تەقەکردن کرد، بەڵام جەیماوەری خۆپیشاندەر گۆڕەپانەکەیانم چۆڵ نەکرد و سوربوون لە سەر داخوازیە ڕەواکانیان، تا سەرەنجام بریندار بوونی زیاتر لە سی کەس لە هەردوولا و سوتاندنی چەند دەزگا و فەرمانگەیەکی لێکەوتەوە، ئا لەو کاتەی تەقە لە خۆپیشاندەران دەکرا قایمقامی کەلار زۆر بە بێ باکیەوە جگەرەی دەکێشا و دووکەڵەکەشی دەکردە سەر نوێنەرانی جەماوەر و ڕایگەیاند ئەو هیچ کێشەی نییە و ئامادە نییە قسە بکات، هەر وەك بنەماڵەی فەقی لە کەلار کە چەندین لاوە دەستیان لە دەسەڵات گیرکردووە، بە هەموو شێوەیەك دژ بە خواست و بەرژەوەندیەکانی خەڵکن سەرداری فەقی کە ئەندام مەڵبەندێکی یەکێتییە بێ ئەوەی هیچ شتێکی بەرامبەر وترابێت لە ناو قایمقامیەت چەند جارێك پەلاماری نوێنەانی جەماوەری داو چەندین قسەی ناشیرینی پێ وتن، لە لایەکی ترەوە براکەشی لە سلێمانی بە کۆمەڵێك ڕۆژنامەنوسی برادەری گوتبوو ئەگەر حوکم بە دەست منەوە بێت ئەوانەی ڕێپێوانیان کردووە ئیعدامیان دەکەم، مەلا محەمەدی باوکیشیان لە خوتبەی ڕۆژی هەینیدا هێرشی کردە سە رجەماوەری

خۆپیشاندەر و تا کار گەیشتە ئەوەی چەند موسڵمانێکی مزگەوتەکە لێی هاتنە دەنگ و ڕایانگەیاند ئەم قسانەی مەلا قەبوڵ ناکەین، زۆر ئاساییە بنەماڵەی فەقێ دژ بە خواستەکانی خەڵك بن، زۆر ئاساییە دژ بە هەموو بزوتنەوەیەکی جەماوەری بن، چونکە ئەوان بەرژەوەندیان لە گەڵ ئەم دەسەڵاتە گەندەڵەیە، چونکە سودمەند دەبن ئەگەر ئەم کەلارە پڕ لە گەندەڵی بێت. ئەو دەمەی تەقش لە خۆپیشاندەران کرا هیچ پاساوێك نەما بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ و دەیان درۆی گەورەی تر کە ڕۆژانە بەرگوێمان دەکەوێت، ئێمە لە کۆمەلڕەی بە مەدەنیکردنی کەلار و ڕزگاری و جەماوەری خۆپیشاندەری شاری کەلار، خەباتی مەدەنیانە دەکەین بۆ ئەوەی تەنیا تەقە کردن لە جەماوەر لە دەستوردا قەدوەغە بکرێت ئیتر هیچ مافێکمان ناوێت!! لە کۆتاییشدا ڕوونی دەکەمە گەرمیانیەکان چیتر ئەم غەدرە زۆرە قەبوڵ ناکەن کە چواردە ساڵە لێیان دەرکێت و خواستی لە پێشینەیان ئەوەیە تێکڕای بەرپرسانی گەرمیانی لە پیشیانەوە قایمقامی کەلار کە تاوانباری یەکەمە لە ئاست بریندار بوونی 31 هاوڵاتی لە دادگایەکی عادیلانەو بە بەرچاوی خەڵکەوە دادگای بکرێن و ئەوانەی کە تاونەکەیان لە سەیر ساغ بووە بە سزای گەرمیانیەکان بگەیەنرێن. بژی ئیرادەی نەپساوەی خەڵکی گەرمیان ئەو گەرمیانەی لە کاتی شەڕی بەعس و شەڕی ناوخۆ هەر دڵی گەرم بوو، بە حەماسەوە شەڕی دەکرد، ئێستاش بۆاواکردنی مافەکانیان گەرمیالنیەکان لەوسا زیاتر دڵ گەرمن و ئامادەن گەورەترین قوربانی بدەن.

ڕێبین تەها

وتەبێژی ڕەسمی کۆمەڵەی بە مەدەنیکردنی کەلار و ڕزگاری سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەکەی کەلار و دەوروبەری